# کاتێک دانیشتبووین لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پیاوێک دەرکەوت وهاتە لامان، جلەکەی زۆر سپی وقژی زۆر ڕەش بوو وبەوە ناکات کەسێکی موسافیر بێت وکەسیش لە ئێمە نایناسێت

لە عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک دانیشتبووین لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پیاوێک دەرکەوت وهاتە لامان، جلەکەی زۆر سپی وقژی زۆر ڕەش بوو وبەوە ناکات کەسێکی موسافیر بێت وکەسیش لە ئێمە نایناسێت هات دانیشت لە بەرامبەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ودەستەکانی لە سەر قاچەکانی خۆی دانا، و ووتی: ئەی موحەمەد ئیسلام چییە؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ئەوەیە کە شاهێدی بدەیت بە (لا إله إلا الله ومحمداً رسول الله)، ونوێژ ئەنجام بدەیت وزەکات بدەیت وڕۆژووی ڕەمەزان بگریت وحەج بکەیت بۆ ماڵی خودا ئەگەر توانیت، ووتی: ڕاست دەکەیت، پێشەوا عومەر دەڵێت: (سەیر بوو بە لامانەوە، پرسیاری لێدەکرد ودەیووت ڕاست دەکەیت). پاشان پیاوەکە ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە ئیمان؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ئیمان ئەوەیە باوەڕ بهێنیت بە خودا وفریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرانی وڕۆژی دوایی، وباوەڕت هەبێت بە قەدەر بە خێر وشەڕی، ووتی: ڕاست دەکەیت، هەواڵم پێبدە سەبارەت بە ئیحسان (پلەی چاکەکاری لە پەرستندا)؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: خودا بپەرستیت وەکو ئەوە بێت کە بیبینیت خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت، ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە کاتی ڕوودانی قیامەت (الساعة)؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ئەوەی پرسیاری لێکراوە زاناتر نیە لەو کەسەی پرسیار دەکات، ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە نیشانەکانی (نیشانەکانی ڕوودانی قیامەت)؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (أنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَها) واتە: منداڵەکان ببن گەورە وسەردار بە سەر بەخێوکارەکانیانەوە -دایک وباوکیانەوە- ( یان بە واتای ئەوە دێت کە کەنیزەکەکان ئەو منداڵەی کە دەیانبێت دەبن بە پادشا)، وببینیت کە کەسانی پێ پەتی وڕووتی هەژار کە شوانێتی دەکەن بینای بەرز دروست بکەن، پاشان پیاوەکە چوو، وعومەر دەڵێت: بۆ ماوەیەک ماینەوە پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ئەی عومەر دەزانیت ئەوە کێ بوو پرسیاری دەکرد؟ ووتم: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ئەوە جبریل بوو هات بۆ ئەوەی ئاینەکەتان فێر بکات.»

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

جبریل -علیه السلام- هات بۆ لای هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بە وێنەی پیاوێکی نەناسراو لە کاتێکدا کە ئەوان دانیشتبووین لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، دانیشت لە بەرامبەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەکو دانیشتنی کەسێک بیەوێت فێر بێت وداوای ڕێنمایی بکات، پرسیاری ئیسلامی لێی کرد، وەڵامی دایەوە بەم پایانە کە دانـان بـە دوو شاهێـدیەکەی لـە خۆگرتـووە، وپارێزگـاری لـە نوێژەکـان، ودانـی زەکـات بـۆ ئەوانـەی شایسـتەن، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان بە نیەتێکی ڕاستگۆوە، وبەجێهێنانی فەریزەی حەج بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن، وجبریل وتی ڕاست دەکەیت، وهاوەڵان پێیان سەیر بوو کە پرسیار دەکات وا دیارە کە سەبارەت بە باسەکان نازانێت بەڵام دەڵێت: ڕاست دەکەیت، وپرسیاری ئیمانی لێی کرد، وەڵامی دایەوە بەم شەش پایەیە: خوای گەورە خۆی ڕۆزیدەرە وهەموو سیفەتێکی کامڵ وتەواو هەر بۆ ئەوە، ودوور لە هەموو عەیب وکەموکورتیەک، وئەو فریشتانەی خوای گەورە دروستی کردوون بەندەی چاک وبەڕێزن وهەرگیز سەرپێچی فەرمانەکانی خودا ناکەن، وباوەڕهێنان بە کتێبە دابەزێنراوەکان بۆ پێغەمبەران، وباوەڕهێنان بە پێغەمبەران کە دینی خودایان گەیاندووە، ومرۆڤ پاش مردنی زیندوو دەکرێتەوە ولێپرسینەوەی لە گەڵدا دەکرێت، وپاشان پرسیاری چاکەکاری (إحسان)ی لێی کرد، ئەویش ووتی:

ئەوەیە کە خوای گەورە بپەرستێت وەکو ئەوە وا بێت کە دەیبینێت، ئەگەر بەم شێوەیەش خوای گەورە نەپەرستێت ئەوا پێویستە بزانێت کە خوای گەورە دەیبینێت وهیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە، وپاشان ڕوونی کردەوە کە زانیاری سەبارەت بە قیامەت هیچ یەکێک لە دروستکراوەکان نایزانن، ولە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانەی کە لە جەنگدا دەگیرێن ودەکرێن بە سەراری -وەکو کەنیزەک وایە- ومنداڵەکانیان زۆر دەبن وئەم منداڵانە دەبنە پادشا وفەرمانڕەوا، یان بە واتای ئەوە دێت کە خراپەکاری منداڵ بەرامبەر دایک وباوک زۆر دەبێت کە وەکو کەنیزەک مامەڵەیان لە گەڵ دەکەن، وئەوانەی شوانێتی دەکەن وهەژارن لە کۆتایی دونیادا ماڵ وپارەیان زۆر دەبێت ودونیا دەڕژێتە سەریان بۆیە شانازی دەکەن بە ڕازاندنەوەی بیناکان وبەرزکردنەوەیان، هەموو ئەم پرسیار و وەڵامانە بۆ فێرکردنی ئەم ئاینە پاکەیە لە لایەن جبریلەوە چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەوە جبريل بوو هات بۆ ئەوەی ئاینەکەتان فێری ئێوە بکات).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4563

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee